# کاریگەرییە دەروونیو کۆمەڵایەتییەکانی خەتەنەکردنی کچان

## بە بڕینی کلیتۆر (میتکە) سەنتەری چێژی ئافرەتان ناهێڵرێتو لە پیاوانیشدا بە خەتەنەکردن...

**سەروەر سەعید★**

هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو کەلتوری کە لەهەر کۆمەڵگایەدا پەیڕەو دەکرێت، بەهانەو بەڵگەی بۆ دادەتاشرێت، ئەگەرچی هەڵەش بێت.

دیاردەی خەتەنەکردنی کچان، کە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ چوار هەزار ساڵ پێش ئێستاو بەتایبەت لای فیرعەونییەکان پەیڕەوکراوە، لەزۆربەی کاتیشدا بە مەراسیمو ئاهەنگ ئەم دیاردەیەیان کردووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆ مرۆڤەکان پەنایان بۆ ئەم دیاردەیە برد کە لە بنەڕەتدا دەستکاری سروشتی مرۆڤە؟

بەهەردوو بارەکەیدا خەتەنە چ پیاوانو چ ژنان هەردووکیان لەبنەڕەتدا بەپێی تێڕوانینە کلتورییەکە بە خزمەتی نێرسالاریی دەشکێتەوە بەوەدا لە خەتەنەی ئافرەتاندا بە بڕینی کلیتۆر (میتکە) سەنتەری چێژی ئافرەتان ناهێڵرێتو لەپیاوانیشدا بە خەتەنەکردنیان زووو وروژاندن کارادەکات، بەڵام ئایا خەتەنەکردنی ئافرەتان چ کاریگەرییەکی لە خولقاندنی گرفتە کلتوریو کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە؟

لەخەتەنەی ئافرەتاندا کلیتۆر (میتکە) دەبڕدرێت کە سەنتەری گەیشتن بە ترۆپکی چێژە لای ئافرەت، لێکردنەوەی ئەو پارچەیە لای ئافرەت دەبێتە هۆی کپکردنی حەزەکانیو دواتر سەرهەڵدانی خەمۆکیو نەخۆشی سایکۆسۆماتیو دڵەڕاوکێو خەوزڕان، کچی خەتەنەکراو هەمیشە لەنەستیدا کاری جوتبوونی سەرنەکەوتووی ناتێرکەر وەك ئەزموونێکی تاڵ هەڵدەگرێت دەیخاتە سەر ئەزموونە تاڵەکانی کاتی خەتەنەکردنی.

ئەم حاڵەتانە وادەکات کە کرداری سێکسی وەك کارێکی ئازارهێن سەیرکات کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ساردیِ سێکسی، کاتێ ئەم حاڵەتە سەرهەڵدەدات دەبێتە هۆی ئەوەی چ ژنەکەو پیاوەکەش نەتوانن هاوسەنگییەك لە ژیانی هاوسەریو سێکسییان دروستبکەن، هەربۆیە ئەم لایەنە پەل دەهاوێت بۆ لایەنی کۆمەڵایەتیو کێشەی گەورەی وەك تەڵاقو فرەژنیو خیانەتی هاوسەری لێدەکەوێتەوە، چونکە لەم بارەدا ئازارەکان زیاتر دەبن لە خۆشییەکان بە تایبەت کە بەشێوەیەکی تەواو کلیتۆر ببڕدرێت لەم بارەدا ئافرەت حەز بە دوورکەوتنەوە دەکات لە کاری سێکسی، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی ژیانی هاوسەریو پیاو دەیەوێت بیر لە کەسی تر بکاتەوە، ئەمە گرفتی کۆمەڵایەتی گەورەی لێدەکەوێتەوە بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە دەسەڵاتی پیاوسالاریی گەورەترین هێزی هەیە. لەم بارەدا مرۆڤی مێ کەسێکی پاسیڤەو تووشی زۆرترین توندوتیژی دەبێتەوە لەسەر ناموس. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەو کارەساتە کۆمەڵایەتیو کلتورییەی کە لەکۆمەڵگادا بەردەوامی هەیە.

کەسی خەتەنەکراو لەڕووی دەروونییەوە توشی ترسو هیدمە دەبێت، ترس لە خۆی ترس لە هەموو کەسێك کە بەتەمەن لەو گەورەترن، رەنگە ئەمە گرێی دەروونی بۆ دروستبکات بەرامبەر بە دایك یان نەنك یان خوشکی گەورە کە هاوبەش بوون لەوەی کە ئەو رووداوەیان بەسەرهێناوە، چونکە تەمەنی منداڵی تەمەنێکە کە منداڵ ناتوانێت هیچ مافێکی خۆی چنگ بکەوێت ئەگەر گەورە یان خێزانو خۆشەویستانی بۆی دەستەبەر نەکەن، بەڵام کاتێك لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوە رووبەڕووی ئەو حاڵەتە دەبێتەوە ئەمە رووداوێك نییە بەئاسانی لە بیری بکات، رەنگە ئەمە وای لێبکات رقی لەهاوڕەگەزی خۆی بێت، بەتایبەت ئەو لەتەمەنێکدایە لە زۆرشت تێنەگەیشتووەو بەباشی جەستەو وەزیفەکانی ئەندامەکانی خۆی ناناسێت.

جگە لەوەش لەکاتی گەورەبوونو منداڵبووندا توشی ئازارێکی زۆر دەبێت دەبێتە هۆی زیان پێگەیاندنی زۆریش بۆ منداڵەکەی.

ئەم دیاردەیە وەك کێشەیەکی گەورەی



خەتەنەکردن تەنها ئازاری جەستەیی نییە، بەڵکو ئازاری دەروونیشە

فۆتۆ: واشنتۆن پۆست